# مریشك

ئا: ئەحمەد محەمەد
وێنە: بێگەرد عوسمان



پەلەوەرێکی چالاکەو بە درێژایی ڕۆژ بەشوێن خواردندا دەگەڕێت و ناخەوێت تا دنیا تاریك نەبێت. هەروەها دەتوانێت ماوەیەکی زۆر لەسەر قاچەکانی بوەستێت و ماندوو نەبێت، تەنانەت دەتوانێت بەوەستانەوە بخەوێت. مریشك زۆر حەز دەکات لە خۆڵدا چینە بکات تا فێنکی بێتەوەو لەشی لەو مێرووانە پاك بکاتەوە کە لەناو پەڕەکانیدان. ئەم پەلەوەرە نزیکەی ( ٦ تا ٧ ) ساڵ دەژی. مرۆڤ لە کۆنەوە مریشکی ماڵیی کردووەو سوود لە هێلکەو گۆشتەکەی دەبینێت. ئێستا پەلەوەرگەی تایبەتی بۆ بەخێوکردنی مریشکی گۆشت و مریشکی هێلکە هەیە. مریشکی ماڵیی توانای فڕینی نییە، بەڵام مریشکی کێوی دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کەم بفڕێت. مریشك کە کڕدەکەوێ چەند هێلکەیەکی دەخرێتە ژێرو لە ماوەی (٢١) ڕۆژدا جوچکەکان پێدەگەن و لە هێلکەکان دێنە دەرەوە.